# کوردســـتان و مـــافی مـــروڤ

چیمەن رەحیمی دەرهێنەری سینەمایی و چالاکوان لە بواری مافی مروڤ بە بانگهێشتی رێکخراوی 'کەسکەسوور' یا پێکەوە ژیان کە ریکخراوێکی مافی مروڤیە لە کوردستانی باشوور بە سەردانێک گەیشتە شارەکانی هەولێر و دهۆک.

لە رۆژی ٢٠ی سپتەمبەری ٢٠١٠ بە بۆنەی رۆژی جیهانی ئاشتی، لە شاری دهۆک چیمەن رەحیمی لە سمینارێکدا بە شداریکرد کە لەیلا زانا ' براوەی خەلاتی رافتۆ' و( وەزیری داد)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێز حاکم رەئوف رەشید وتاریان پێشکەشکردو وئامادەبووان پێک هاتبوون لە چین و تویژە جۆراوجۆرەکانی شاری دهۆک، ژنان و نوێنەرانی رێکخراوە مەدەنییەکان، گەنجان و نوێنەرانی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکانی کوردستان.

چیمەن رەحیمی لە دریژەی وتارەکەی دا ئاماژەی بەوە دا کە ئەو ئەندامی ریکخراوی مافی ژنی کورد/مافی مروڤە و هەروەها وتی "لە جیهانێکدا کە ترس لە شەر و خوێنرێژی، ترس لە چەکی ناوەکی و توندوتیژی دژ بە مروڤایەتی ترسێکی نزیک و زۆر بەرچاوە، بەستن و رێکخستنی سمینار بۆ هاندان بە ئاشتی و پێکەوە ژیان کارێکی بەرز و پیرۆزە و رێکخراوی 'کەسکە سوور' و جەماوەری شاری دهۆک دەبێت شانازی بکەن بەوەی کە ئەوان میوانداری ئەم جۆرە سمینار و کۆبوونەوە بن" .

لە کۆتایی سمینارەکە رێکخراوی 'کەسکە سوور" خەڵاتی بەخشی بە لەیلا زانا، حاکم رەئوف رەشید و چیمەن رەحیمی بۆ رێزگرتن لە چالاکی هەموو ئەو کەسانەی کە هەوڵ ئەدەن لە پیناو رەخسانی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە ئازادی و ئاسوودەییدا.

لە رۆژی ٢٢ سپتامبری ٢٠١٠ چیـــمەن رەحیـمی، لەیـلا زانــــا و چەنـد نوێنەرو چالاکـوانی مــافی مروڤ کە لە ولاتی ( نەرویج)ەوە بەشداری سمینارەکە بوون لە گەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و هەروەها نوینەران و چالاکوانانی رێکخراوە ناحکوومییەکان لە شاری هەولێر، لە هوتیل چوارچرا کۆبوونەوەیەک رێکخرا بۆ ئاڵوگۆرکردنی زانیاری و بەستنی پەیوەندی لە نێوان رێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستان و دەرەوەی کۆردستان. چیمەن سەبارەت بە چالاکییەکانی رێکخراوی مافی ژنی کورد/مافی مرۆڤ لە گەڵ ئامادەبووان دا قسەی کرد، هەروەها وتی کە ئاوات دەخوازێ لە داهاتوویەکی نزیکدا رێکخراوەکەی بتوانێت کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی لە باشوری کوردستان ببەستێت و هەموو ئەوانەی کە پێیان خۆشە وەکو میوان لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بن.

خانم کۆردو عمر عبدالله بەریوەبەری گشتی بەرگریکردن لە توندوتیژی دژ بە ژنان پشتیوانی و ئامادەیی خۆی دەربری بۆ یارمەتیدانی ریکخراوی مافی ژنی کورد/مافی مروڤ لە داهاتوودا.

چیمەن رەحیمی لە هەولێکی دیکە دا، سەردانی بارەگای ٢ ریکخراوەی تایبەت واتە ریکخراوی WEO کە تایبەتە بە کارکردن بۆ سەربەخۆی ژنان لە بواری ئابووری، و رێکخراوی ئەستێرەی منداڵان کە ئیش دەکات بۆ ئەوەی ئەو منداڵانەی پێویستییان بە پسپۆری پزشکی تایبەت هەیە بتوانن لە دەرەوەی کوردستان چارەسەری نەخۆشیەکانیان بکرێت.

لە کۆتایی سەفەرەکەی دا چیمەن سەردانی یەکیەتی ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد (بەشی روژهەڵات) کە زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکرد و پشتیوانی خۆیان دەربری بۆئەوەی هەموو چەشنە یارمەتییەک لە رێکخراوی مافی ژنی کورد/مافی مروڤ دەکەن ئەگەر ئەم رێکخراوە لە داهاتوودا بڕیار بدات لە کوردستانی باشور کۆنفرانس ببەستیت.








K.O.P.C
ڤەکری ل ژێر
سۆر یا پێکڤە
ئاشتی بۆ هەمییان) ل
ل رۆژا
20


VESTEL
PEPSI